# سەرەمەقەست-١

## ئیسلامییەکی چەمچەماڵی بە ئەشکەنجە لە هەولێر گیان لەدەست دەدات

حوزەیران ٢٠٠٤

ئوسامە چەمچەماڵی کە ماوەیەك بوو لە هەولێر گیرابوو تەرمەکەی برایەوە چەمچەماڵ پاش ئەوەی لەژێر ئەشکەنجە لە زینداندا گیانی لەدستدابوو.

## وانەکانی دزێك

خەڵکی گوندێك ماملۆستایەك لە ناوچەی هەورامان لەبەر دزی دەردەکەن، ئێستاش بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی هەر هەورامانە، ئەمەش وانەکانە کە بە قوتانییەکانی دەڵێ: ئیسلامییەکان چییان بۆ کردن؟ ئێمە وا و واتان بۆ دەکەین، مەچن بۆ مزگەوت بۆ فێربوونی قورئان. یەکێك لە جێپەنجەکانی ئەو ماملۆستایە ئەوە بوو.. نا نەیڵێین باشترە چونکە ئەو کاتە هەر ئەوە دەمێنێت ناوی بهێنین!

## لە ٩٩٪ بۆ ٢٣٪

لە هەڵمەتی لابردنی مامۆستاو بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان مامۆستا خەلیل بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئەحمەد ئاوا لابراو یەکێکی سەر بە یەکێتی خرایە جێگەی. تا مامۆستا خەلیل بەڕیوەبەر بوو ڕێژەی دەرچوون لە قوتابخانەکە نموونەیی بوو و لە دوایەمین ساڵیدا ڕێژەکە ٩٩٪. لە پاداشتی ئەوە وەزارەتی پەروەردە سوپاسنامەی بۆ ناردووە. پاش پرۆسەی "ئازادیی هەورامان" و گەشتنی مەشخەڵی پێشکەوتن‌و مۆدێرنیزم‌و عەلمانیەت مامۆستا خەلیل پاداشتێکی تری وەرگرت! ئەوە بوو لە مودیری لابراو مامۆستایەکی یەکێتی لەجێگەی دانرا. ڕێك ساڵی دواتر واتە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ ڕێژەی دەرچوون فڕی.. بەڵام بۆ نشێو! بەڵێ ڕێژەکە هاتە سەر ٢٣٪ .. گرنگ نییە لەخۆیانە! ئەمە کاتی بەعسمان دەخاتەوە یاد کە گرنگ نەبوو ئاستی مامۆستاو بەڕێوەبەر چەند بێت، گرنگ ئەوەیە سەقافەی قەومی، واتە وانەکانی حزبی بەعسی بە قوتابیان بڵێت.

## لەکاردانەوەی پارتی دەبنە یەکێتی

ماوەی کەمتر لە مانگێکە لە ناوچەی شیلادزەو دێراڵوك لە ناوچەی ئامێدی نزیکەی (١٥٠) بنەماڵە لەکاردانەوەی کارەکانی پارتی بوونەتە یەکێتی‌و ئێستا ڕێکخستنەکانی پارتی خەریکی ئەم کێشەیەن.

## وا دیموکراسییەکەی ئێوەمان ناسیوە

گرنگترین بنەمای دیموکراسی بریتییە لەوەی ڕای زۆرینە حوکم بکات. کارمان بەوە نییە ئەمە لە واقعدا دەچەسپێت، کە ناچەسپێت، یان نا. گرنگە ئەوەیە ئەو کەسەی ناوی دیموکراسیخواز لەخۆی دەنێت پێویستە ڕێز لە ڕێزگرتنی ڕای زۆرینە بگرێت، ئەگەر ڕێزیشی نەبوو بۆی با ئەم هەستە لە دڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. پێش ماوەیەك د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نووسیبووی یەکێتی بە هیچ جۆرێك ناهێڵێت دەوڵەتی ئیسلامی لە کوردستان و عیراقدا دابمەزرێت. ئێستا د. ڕۆژ نووری شاوەیس ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دەڵێت : دەوڵەتی ئاینی قبووڵ ناکەین ئەگەر زۆرینەشی لەگەڵدا بێت.

ئێمەش دەڵێین لەکەیەوە ڕای زۆرینەتان لا قبووڵ بووە؟ کەی بەپێی ڕای زۆرینە حوکمتان کردووە؟ بەڵام ماڵتان ئاوا بێت ئەم جارە بە زمانی خۆتان چیتان لە ناخدایە پێتان وتین.

ئەم جارە بە ناوی کوردەوە قسە دەکەن.. وەکو جارانی پێشووش بێ ئەوەی پرس بە کورد بکەن. ئێوە دەڵێن کورد ڕێگە بەوە نادەن..بەڵام ئیمزای چەند کەستان کۆکردەوە؟ بۆ زانیینشتان زۆری خەڵك ئەگەر ئەو پرسیارەیان بخەنە بەردەم: ئایا دەتانەوێ دەوڵەتو وڵات بەپێی شەرع حوکم بکرێت؟ تەنها کەمینەیەکی عەلمانیی لێ دەرچێت خەڵکی بە بەڵێ وەڵام دەدەنەوە. تەنانەت زۆریش لە ئەندامانی حزبتان بەڵێ هەڵدەبژێرن ئێوەش ناچار دەبن فەرمانیان بۆ دەربکەن بڵێن نەخێر، ئەو کاتەش بەلبەلە دەخەنە ناو ڕیزەکانی خۆتان. لەبەر ئەوەش کە ئێوە لە کۆشکەکانتاندا دەژینو ئاگاتان لە جەماەر نییە وا دەزانن هەموو خەڵك وەکو ئێوە بیر دەکەنەوە. هەر ئەو بیرکردنەوەیەی ئێوەشە وای لێکردن وا بزانن خەڵکتان لەگەڵدایە تا ئەمەریکا هات و ئەو خەڵکە بە هەزاران سکاڵانامەیان لە دژی ئێوە نووسی تا واتان لێهات لە دهۆك کە بە موڵکی خۆتانی دەزانن هەڕەشە لە نووسینگەکانی وەرگێڕان بکەن سکاڵانامە بۆ خەڵکە وەرنەگێڕن. هەر ئەم حساب نەکردنەشە بۆ جەماوەر کە ئێوەی خستە ئەو هەڵە گەورانەو ئەوەتا کورد لە سایەی سەرکردایەتیی ئێوەوە لە عیراقی نوێدا بەتەمای چی بووەو چیی دەستکەوتووە. ئیتر نیازتانە تا کەی ئاوا لە کۆشکەکانتانەوە بە ناوی کوردەوە قسە بکەن؟

## دەستبگرن بە سمێڵتانەوە نوێنەرەکانمان نەیدەن بە باوە

وەکو تەواکەرێکی سەرەمەقەستەکەی سەرەوە دەڵێین: قسەکەی د. ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەخەینەوە یادی خوێنەر کە یەکێتی بە هیچ جۆرێك ناهێڵێت دەوڵەتی ئیسلامی لە کوردستان و عیراقدا دابمەزرێت. هەر ئەو ڕۆژە بوو بڕیارەکەی ١٥٤٦ ی ئەنجوومەنی ئاسایش درا کە کۆستێکی گەورە بوو بۆ کورد. ئەوەتا "هاوپەیمانانی" کورد لەبەر خاتری عەرەب هیچ حسابێکیان بۆ کورد نەکرد کەچی حزبێکی کوردی هەڕەشەیەکی وا گەورەو گران دەکات. پاشان د. ڕۆژ نووری شاوەیس ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی کە دەڵێت : دەوڵەتی ئاینی قبووڵ ناکەین ئەگەر زۆرینەشی لەگەڵدا بێت.. لەکاتێکدا کورد دەبێت بیر لەوە بکاتەوە چۆن ڕێزێك بۆ خۆی دابنێت، ڕێزێك بە کردار نەك بە قسە.

دوو حزبی دەسەڵاتداری کورد بوونە نوێنەری کوردو چوون ڕیش بۆ کورد بتاشن خەریکە سمێڵیشی دابنێن.. تکایە لەجیاتیی ئەوەی بڕیاری وا گەورە بدەن دەست بە سمێڵی کوردەوە بگرن با نەیبات، ئەوە ئەگەر نیازتانە تا قیامەت نوێنەری کورد بن.

## کەرکووك: پاش هەڕەشکردن لێی لەلایەن حزبێکی عەلمانیی کوردی مەلایەك دەکوژرێت



شەوی ١٢-٢٠٠٤/٦/١٣ مامۆستا مەلا ئەیاد محمد خورشید پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی ئەلماسی دووەم (تەپەی مەلا عەبدوڵڵا) پاش نوێژی عیشا لە بەردەم ماڵەکەیدا لەسەر دەستی چەند کەسێك بە دەمانچەی (کاتم) کوژرا.مامۆستای ناوبراو ئەندامی مەڵبەندی کەرکووکی حزبی ئیسلامیی عیراق بوو. حزبی ناوبراو تاوانەکەی خستۆتە پاڵ ئەوانەی خۆیان "بە ئازادیخوازو دیموکراتیخواز پیشان دەدەن". شایەنی باسە مامۆستا ئەیاد چەند جارێك لەلایەن بارەگای حزبێکی عەلمانیی کوردییەوە بانگ کراوەو هەڕەشەی لێکراوە.

## پاش ئۆپەراسیۆنی "ئازادیی هەورامان" منداڵی زۆڵ لە خورماڵدا پەیدا بوون

تا ئێستا دوو منداڵی کۆرپەلە لە گۆڕستانەکەی خورماڵدا دۆزرانەوتەوە. هەروەها باسی چەند کچێکی سکپڕ لەو شارۆچکەیەدا هەیە کە هەندێکیان قوتابین. شایەنی وتنە پاش هاتنەوەی یەکێتی بۆ ناو خورماڵ‌و هەورامان بەگشتی دیاردەی مەشرووب فرۆشتن پەیدا بووە لەکاتێکدا کەمێك پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوە کراون. ئەمەش دیاریی دەکات پێشکەوتن‌و مۆدێرنەتە لە کوردستاندا چ واتایەکی هەیە.

## ئەمەریکا، "هاوپەیمانی" کورد، عەرەبە هاوردەکان دەهێڵێتەوە

پۆل هارڤی، بەرپرسی نووسینگەی کاتیی هاوپەیمانان لە شاری کەرکووکدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ٢٠٠٤/٦/١٤ ڕایگەیاند کە ئەوان، کە هاوپەیمانی کوردن، یان کورد هاوپەیمانی ئەوانن(ببوورن پەیوەندیی کوردو ئەمەریکا هاوپەیمانێتی نییە) ئامادە نین عەرەبە هاوردەکان لە شاری کەرکووك‌و ناوچەکانی تر زۆر لێ بکەین بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان و هیچ پلانێکمان نییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان چونکە بارودۆخی شاری کەرکووك ئاڵۆزەو شارەکە قەربالغە.

## لەشوققەکانی (قالاوا)ی سلێمانی چەکدارێکی یەکێتی تەعدا لەکچێکی (٩) ساڵان دەکات

ڕۆژی ٦/١ کە ڕێکەوتی هەردوو بۆنەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و ڕۆژی جیهانی منداڵان لەشوققەکانی قالاوە لەسلێمانی پێکەوە گرێدانی هەردوو یادەکەی بەخۆوە بینی ئەوەبوو چەکدارێکی یەکێتی کچێکی نۆ ساڵان بانگ دەکات و پێی دەڵێت وەرە (توو)ت بۆ لێدەکەمەوە، منداڵی بێ ئاگاش نازانێت پیاوەکە نیازێتی پەڕوباڵی بۆ لێبکاتەوە. چەکدارەکە لە دواوە پەلاماری منداڵەکە دەدات. کچەکە بە قاچی خوێناوییەوە بە هاوارو گریانەوە هەڵدێت. منداڵانی شوققەکان دەڵێن شووشە چووە بە قاچی کچەکە بەڵام زوو کەسوکاری مەسەلەکە دەزانن‌و ژنانی شوققەکان پەلاماری ماڵی چەکدارەکە دەدەن ئەویش چەقۆیان لێدەردەهێنێت‌و هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکات. کابرا هەڵدێ بۆ خانەقین هەردوو ماڵەکەش دەبێتە شەڕیان‌و ئێستاش کێشەکە لای پۆلیسە.

## فەرماندەیی چەمچەماڵ تەقە لە قوتابیانی سەیرانکەر کاتی نوێژکردنیان دەکات

ڕۆژی هەینی ٢٠٠٤/٣/٥ ناوەندی چەمچەماڵی (ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان)ی سەر بە کۆمەڵی ئیسلامی سەیرانێکی بۆ ژمارەیەك لە قوتابیانی ئەو شارە سازدەکات. سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ لەکاتی ئەنجامدانی نوێژدا فەرماندەیی چەمچەماڵی یەکێتی تەقە لەو قوتابییانە دەکەن‌و لەئەنجامدا (کارزان جەبار) ئەندامی سکرتارییەت‌و بەرپرسی ناوەندی چەمچەماڵ بریندار دەبێت‌و هاوڕێکانی دەیبەنە نەخۆشخانە.

تەعلیق: ئەگەر چەکداری ئیسلامی ئەمەی بکردایە چی دەکراو چی دەوترا؟ کەم کەسی کوردستان ئەوە دەزانن ساڵی ١٩٩٧ ژمارەیەك قوتابیی یەکێتی چووبوون بۆ سەیران‌و بەلای بازگەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو کاتە لایان داو پاش ئیستفزازکردنی چەکدارەکان ئەمانە تەقەیان بە ئاسماندا کرد. ئەمە بە بێدەنگی تێنەپەڕی بەڵکو خێرا هەرای لەسەر کراو یەکێتی شەڕی ١٩٩٧ی دژی بزووتنەوەی کرد. ئیسلامییەکان ئەگەر شتی وا بکەن تیرۆریستن‌و ڕقیان لە ژیانەو دژ بە سەیرانن بەڵام ئەگەر ئەوان بیکەن قەزاوقەدەرە و ئیشی چەند کەسێکی نامەسئوولەوگوێی خۆیانی لێ کەڕ دەکەن.

## ٥٢ باڵیۆزی پێشوو زریانێك دەورووژێنن سەبارەت بە سیاسەتی بلێر كە پاشكۆی كۆشكی سپییە

٥٢ دیپلۆماسیی بەریتانیی پێشوو پێرێ نامەیەكیان بڵاوكردۆتەوەو كە تیایدا نارەزایی خۆیان لە سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە عێراق و فەلەستین دەربڕی. ئەم نامەیە زریانێكی وروژاند لە ناو حكومەتی بەریتانیا. دیپلۆماسییەكان ڕەقترین شێوازیان بەرامبەر حكومەتی بلێر بەكارهێنا و داوایان لێ كرد واز لەو سیاسەتە بێنێتو بەپێی ئەوان ئاكامی ئەو سیاسەتە سەرنەكەوتنە .

سەبارەت بە فەلەستین نامەكە داوای كرد حكومەتی بەریتانیا چیتر پشتیوانیی سیاسەتی ئەمریكا نەكاتو ئەو سیاسەتەی بە یەكتەرەفیو ناشەرعی ناوبرد. سەبارەت بە سیاسەتی حكومەت لە عێراقدا نامەكە توندتر بوو و سیاسەتی ئەمریكای بە دڕندانە و ساكار و قێزەوەن ناو نا.

ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت لە ٢٠٠٤/٤/٢٤ ژ ٩٢٨٣ ل ٢.

تەعلیق: ئەمانەی خۆمان ئەم شتانە نابیستن ، بیشیبیستن تەوبەو ئیستغفار دەكەن، ڕەنگە بشڵێن ئەو دیپلۆماسییە بەریتانییانە پیاوی بن لادنو سەددامن.

## هەمیشە دژی موسڵمانن

كۆتایی ٢٠٠٤/٤

كەناڵی تەلەفزیۆنیی یەكێتی لەباسی شەڕوپێكدادانی نێوان موسڵمانەكانی تایلاند و هێزەكانی ئەو حكومەتە ناوی چەكدارەكان بە توندڕەوی ئیسلامی ناودەبات بێگومان بێ ئەوەی بزانێت ئەمانە كێن و چین گرنگ ئەوەیە ئەوانە موسڵمانن و حكومەتەكە ناموسلمان. ئەوەی سەیرە لە یەكێك لەو جۆرە هەواڵانە تەلەفزیۆن دانی بەوە نا كە ناوچە موسڵمانەكانی ئەو وڵاتە فەرامۆش كراون و حكومەت بایەخیان پێ نادات. لەدوای شەڕەكانیشدا نەتەوە یەكگرتووەكان داوای لێكۆڵینەوەی كرد سەبارەت بە كوژرانی زیاد لەسەد موسڵمان لەو شەڕو پێكدادانە.. بەڵام ئەو تەلەفزیۆنە كە زمانی زاراوەی ئیسلامی توندڕەو گرتووەو بەری نادات و چۆتە ڕیزی حكومەتەكان ئیتر هەر جۆرە حكومەتێك بێت گرنگ ئەوەیە دژی موسڵمانە.

## دەسەڵات و خوێندنی ئایینی

(راز كەمال) بابەتێك لە بڵاوكراوەی (ژیانی نوێ) ی (ڕابوونی خوێندكاران و لاوانی كوردستان) لەلاپەڕە (٢)ی ژمارە (٩٦) لە ٢٠٠٤/٤/٥ نووسیوە ئەویش لە بارەی قوتابخانەی ئاینیی شافیعی لە سلێمانی و ئەمە كورتەكەیەتی: قوتابخانە یەكگرتووی ئیسلامی ساڵی ١٩٩٩ دروستی كردوە (دیارە مەبەست لە بیناكەیەتی بە تەنیا) و سەر بە وەزارەتی ئەوقافە. ڕەنگە ١٠٪ ی خوێندكارانی قوتابخانەكە خوێندنیان بۆ تەواو نەكرابێت لەبەر كەم تەرخەمی هەر لە وەزارەتەوە تا دەگاتە مامۆستایەكی ئاسایی چونكە دوارۆژێكی ئەوتۆی بۆ دیاری نەكراوە تا خوێندكار بتوانێ بەدڵ خۆشیەوە هەوڵ بدات، زۆربەی خوێندكارانیش لە دەرەوەی سلێمانین و وەزارەتی ئەوقاف تەنیا ئەم یەك قوتابخانەیەی هەیە كەچی ناتوانێ شوێن بۆ قوتابییەكانی دابین بكات و بە ناچارییەوە لە مزگەوتەكاندا دەمێننەوە و سەرەڕای ئەوەش ئەو خوێندكارانە كە لەوێدا دەمێننەوە لە تەلەفزیۆن و رادیۆ مەحرومن.

تەعلیق :

هەرکاتێك دەسەڵات خەمی ئاینی خوارد ئەو کاتە خەمی قوتابخانە ئایینیەکان دەخوات بەڵام ئەوەی دەسەڵات بەلایدا ناچێت ئایینە مەگەر تەنها لەو کاتانەی بیەوێت بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاری بهێنێت ، حاڵی ئامادەیی دیراساتی ئیسلامیش لە (قالاوە) لە سلێمانیدا کە سەر بە پەروەردەی سلێمانیە زۆر خراپترە و بەرەو فەوتان دەچێت. بەرپرسانی یەکێتی زانایانیش لەبەر ڕازی کردنی دەسەڵات مەجالیان نییە ئاوڕ لە دین بدەنەوە چ جای ئاوڕ لە قوتابخان دینییەکان.

یەکێتی بۆچی ئاڵای کوردستانی لە هەولێر هەڵنەکرد؟

ڕۆژنامەیەکی هەولێر کە سەربەخۆیەو سەر بە پارتییە ڕەخنەی لە مەڵبەندی هەولێری یەکێتی گرتووە کە ئاڵای کوردستانی هەڵنەکردووە. ئەوەی ڕۆژنامەکە نەیوتووە ئەوەیە یەکێتی هەردوو ئاڵای کوردستانو عیراقی دانابوو بەڵام پارتی پێی وتبوو ئاڵای عیراق لابەرێت، ئەویش لە داخا هەردوو ئاڵاکەی لابرد!!

لە قوتابخانەی دواناوەندیی سەنگەسەر هەموو ڕەنگەکان بۆ لەچکی کچەکان قەدەغەن تەنها ڕەنگی سەوز نەبێت.

ڕێگای کوردستان ٥٨٩ ٢١/٤/٢٠٠٤ ل٨.

کادیرێکی ناسراوی حزبی شیوعی لە قەڵادزێ لەلایەن ڕژێمی گۆڕکراوەوە خانووەکەی حجز کراوە بە بڕیاری (٢٦) کەچی تا هەنووکە کار بەو بڕیارە کۆنەی ڕژێم دەکرێ و خانووەکەی هەر حجزەو بۆی ناگەڕێتەوە ، هاوار ماڵم.

هەمان سەرچاوە.